**ناوی زانکۆ: سەلاحەدین- هەولێر**

**ناوی کۆلێژ: زمان**

**ناوی بەش: زمانی کوردی**

**ناوی بابەت: پراگماتیک**

**کۆرسی : دووەم**

**قۆناغ:چوارەم**

**ناوی مامۆستا: ئاوات ئەحمەد محەمەد صالح**

**ساڵی خوێندن ٢٠٢٢ – ٢٠٢٣**

# پەرتووکی کۆرس

| | |
|---|---|
| ناوی کۆرس | کۆرسی یەکەم : پراگماتیک |
| مامۆستای بەرپرس | ئاوات ئەحمەد محەمەدساڵح |
| کۆلێژ/ بەش | زمان/ زمانی کوردی |
| پەیوەندیکردن | awat.m.salih@su.edu.krd<br>07504989028 |
| ژمارەی کاتژمێر/پراکتیکیی لە هەفتەیەکدا | نییە |
| ژمارەی کاتژمێر/ تیۆریی لە هەفتەیەکدا | (٣) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا |
| کۆدی کۆرس | نییە |
| ژیاننامەی ئەکادیمی مامۆستا | ئاوات أحمد محمدصالح، دەرچووی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدیین لە ساڵی ٢٠٠٦- ٢٠٠٧ ، ماستەرم لە زمانی کوردی پسپۆڕی (پراگماتیک) لەکۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵی ٢٠٠٩، لە ساڵی ٢٠١٠دا ناسناوی (مامۆستای یاریدەدەر)م لە زانکۆی سەلاحەدین وەرگرت، لە ساڵی ٢٠١١وە وەک مامۆستا دەستبەکاربووم لە زانکۆی سەلاحەدین، تا ساڵی ٢٠١٤، دواتر بە شێوەی خواستن چووم بۆ زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەو زانکۆیەدا خزمەتم کردووە، بۆ ماوەی دوو ساڵ بڕیاردەری بەشی پەروەردەگشتی کۆلێژی پەروەردە و زمان بووم، بەگشتی لە بواری کارگێڕیی و وانەگوتنەوە بەشداربووم، وانەکانی (کوردۆلۆژی، فۆنەتیک، فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، لیکسیکۆلۆژی، سینتاکس، زمانەوانی تیۆریی، زمانەوانی پراکتیکی، ڕێبازی لێکۆڵینەوە، ڕێزمانی بەراورد، ڕێزمان، ، فێربوونی زمانی کوردی، زارەکان، واتاسازی،...) گوتۆتەوە، ئێستا مامۆستام لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمان، ناسناوی زانستم (مامۆستا)ـیە، قوتابی دکتۆرام لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین |
| وشە کلیلییەکان | پراگماتیک، دەوروبەر، کردەی قسەیی، گریمانەی پێشەکی، نیشانکارەکان، دەرکەوتەکان .....هتد |
| ناوەڕۆکی گشتی کۆرس | ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:<br><br>پراگماتیک بەشێکە لە زانستی زمان لێکۆڵینەوە لە واتاتی وشە/ رستە دەکات لە دەوروبەردا. کاری ئەم زانستە بریتیە لە |

| | |
|---|---|
| بەستنەوەی رستە و گوتن بە دەوروبەر و دۆزینەوەی واتای مەبەست و روونکردنەوە و بەلۆجیککردنی دەربڕینە نالۆجیکییەکان و بولۆجیککردنیان . | |
| ئامانجی کۆرس:<br>فێرکردن و ئاشناکردنی قوتابیان بە بابەتی پراگماتیک و ئەو بابەتانە کە پەیوەستن بە بوارەکەوە هەروەها لە دوای تەواوکردنی ئەم کۆرسە قوتابیان تواناى ئەوەیان هەبێت کە رستە و گوتنەکان لە دوروبەری گونجاوبەکاربێنن و لە هەمان کاتیش تواناى ئەوەیان هەبێ سیمینار لە بارەی ئەم بابەتەوە بکەن . | ئامانجی کۆرس |
| دەبێت قوتابی لە هۆڵی خوێندندا ئامادەبێت، ئارامی هۆڵی خوێندن بپارێزێت، لەرۆژی تاقیکردنەوە ئامادەبێت، سیمینار ئەنجام بدات، بەشداربێت لە گفتوگۆی نێو پۆل....تد | ئەرکەکانی قوتابی |
| رێگای وانە گوتنەوە:<br>دیاری کردنی تاکە رێگایەکی گونجاو بۆ بواری زانستی زمان (پراگماتیک (تارادەیەک کارێکی ئاسان نییە ، ئاستی وەرگرتنی قوتابی بۆ وانەکە بڕیار لەسەر دروستی رێگای بەکارهاتوو دەدەن ، بەڵام ئەگەر سەیر بکەین بەشێوەیەکی گشتی ئەو رێگایەی کە لە گوتننەوەی ئەو بابەتە دەگونجێ وەک بابەتی پراگماتیک سوودی لێ دەبینددرێت ئەمانەن : رێگای موحازەرە رێگای گفتوگۆیە . چونکە پراگماتیک پێویستی بە گفتوگۆ و کار کاردانەوەی مامۆستا و قوتابیان هەیە. واتاسازی (پراگماتیک) بە بەشێکی گرنکی زانستی زمان دەزاندرێ... ئێمە تیشک دەخەینە سەر لایەنە گشتیەکانی زانستی پراگماتیک . | رێگەی وانەگوتنەوە |
| فێرخوازان دەبێت تاقیکردنەوەیەکی کتێبی داخراو ئەنجامبدەن، کە (١٥)نمرەی لەسەرە و لەگەڵ (١٥)نمرەکەی تاقیکردنەوەی دووەم کۆدەکرێتەوە، (١٠)نمرەی تریش لەسەر ئەنجامدانی دوو تاقیکردنەوەی خێرا(Quiz)،کەواتە ئەمانە گشتی نمرەی کۆششی ساڵانەی قوتابی پێکدێنن کە دەکاتە (٤٠)نمرە،تاقیکردنەوەیەکیش لە کۆتایی ساڵدا ئەنجام دەدرێت کە (٦٠) نمرەی لەسەرە، لەگەڵ (٤٠) نمرەکەی کۆششی کۆرس کۆدەکرێتەوە.<br>کەواتە نمرەی گشتی کۆرس بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت:<br>ـ تاقیکردنەوەی یەکەمی کۆرس ١- ١٥%<br>ـ تاقیکردنەوەی دووەمی کۆرس ٢- ١٥%<br>ـ تاقیکردنەوەی خێرا (Quiz) ١٠% | کاتی تاقیکردنەوە و شێوازی دانانی نمرەکان |

| | |
|---|---|
| **دوای وەرگرتنی ئەم کۆرسە** | **ئەگەر قوتابی ئەم کۆرە وەربگرێت، بە تەواوی پابەندی ناوەڕۆکەکەی بێت و ڕێنماییەکانی مامۆستای بابەت بەهەند وەربگرێت، ئەوە دەبێتە خاوەنی پاشخانێکی باش لەبارەی زانستی واتاسازی بەگشتی. توانای لێکدانەوەی واتای دەبێت بۆ وشە و فرێز و ....تد. هەروەها توانای ئەوەش پەیدا دەکات بتوانێت چەندین جۆری پەیوەندی واتایی لەیەکتر جیابکاتەوە....تد.** |
| **سەرچاوەکان پەیوەست بە کۆرس**<br><br>**سەرچاوەکان پەیوەست بە کۆرس** | **١ – ئارام عبدالواحید حەمەرەشید ، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا ،٢٠١٣، چ١، سلێمانی**<br>**٢ – عبدالواحید مشیر دزەیی ( پ..د )، واتاسازی، ٢٠٠٩، چ١،بلاوکراوەی دەزگای موکریان، هەولێر .**<br>**٣ - عبدالواحید مشیر دزەیی ( پ..د ) ، زانستی پراگماتیك ، ٢٠١١ ، چ١ ، هەولێر ..**<br>**٤ - عبدالواحید مشیر دزەیی، ڕەهەندی دەروونی لەبواری ڕاگەیاندندا ،٢٠٠٥، چ١ ، هەولێر .**<br>**٥ - محمد معروف فتاح( پ.د ) ، لێکۆڵینەوەزمانەوانیەکان ، ٢٠١٠،چ١،دەزگای موکریان ،هەولێر .**<br>**٦ – محمدمحمد یونس علی ( د. ) سەرەتایەك بۆ زانستەکانی واتاسازی و پراگماتیك، ٢٠١٠،چ١،و: نەریمان خۆشناو.**<br>**٧ - ئاڤێستا کمال، پراگماتیکی رستەی فەرماندان و پرسیار، ٢٠٠٦،نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان،زانکۆی سلێما**<br>**٨ - دیار علی کمال، گوتاری سیاسی کوردی لەروانگەی پێشگریمانەوە،٢٠٠٩، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، سەلاحەدین هەولێر ( بلاْونەکراوە ) .**<br>**٩ - سازان معین زەزا، واتاودەوروبەر لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکیە،٢٠٠٥، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، سەلاحەدین هەولێر ( بلاْونەکراوە )**<br>**١٠ - شوان نجم الدین عمر، دەوروبەر رۆڵی لەروونکردنەوەی واتای شیعریدا لێکۆڵنەوەیەکی پراگماتیکی نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین هەولێر ( بلاْونەکراوە )**<br>**١١ - عمر محمود کریم، سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکی گریمانە پێشەکیەکان،٢٠٠٩، نامەی دکتۆرا، کۆلێژ زانکۆی کۆیە ( بلاْونەکراوە )**<br>**١٢ - دیار علی کمال ( د. ) و تالیب حسێن علی( پ.ی.د )، پێشگریمانە و هەندێ لایەنی سیمانتیکی و لۆجیکی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ:١٨**<br>**ب – عەرەبی :**<br>**١ - جون لاینز، اللغة و المعنى و السياق، ١٩٨،ط١، ت: عباس صادق الوهاب، افاق عربية .**<br>**٢ - خالد عبود حمودي ،نظر في نظرية السياق بين قدماء والمحدثين ،؟،جامعة المستنصرية .**<br>**٣ - محمدمحمديونس علي( د. )، وصف لغة العربية دلاليا،١٩٩٣،جامعة فاتح، بنغازي ليبيا.**<br>**٤ - مسعود صحراوي( د. )، التداولية عند العلماء العرب،٢٠٠٥،ط١، دار طلعة ، بيروت لبنان .**<br>**٥ - مبارك مبارك( د. )، معجم مصطلحات الاسنة فرنسي انكليزي عربي، ١٩٩٥،ط١،دارالفكر لبناني.**<br>**٦ - عادل فاخوري( د. )، اقتضاء في تداول اللساني،١٩٨٩، مجلة علم الفكر مجلد:٢٠، جزء:٣** |

| The Topics سەردێرەکان | |
|---|---|
| ناوی وانەبێژ: ئاوات ئەحمەد محەمەدسالح | هەفتەی یەکەم: زاراوەی پراگماتیک ، مێژووی سەرهەڵدانی پراگماتیک<br>هەفتەی دووەم : ، هۆی سەرهەڵدانی پراگماتیک ، سنووری پراگماتیک<br>هەفتەی سێیەم: سێگۆشەی واتایی لە ئاستی پراگماتیک<br>هەفتەی چوارەم :بنەماکانی پەیوەنیکردن و پراگماتیک<br>هەفتەی پێنجەم : دانەواتاییەکانی پراگماتیک<br>هەفتەی شەشەم : واتای سیمانتیکی و پراگماتیکی<br>هەفتەی حەفتەم :کردەقسەییەکان<br>هەفتەی هەشتەم : کردەی قسەیی لای ئۆستن<br>هەفتەی نۆیەم : کردەی قسەیی لای سێرڵ<br>هەفتەی دەیەم : دەرکەوتەکان<br>هەفتەی یازدەهەم : بنەماکانی هاریکاری<br>هەفتەی دوازدەهەم : گریمانی پێشەکی :<br>هەفتەی سێزدەهەم جۆرەکانی گریمانە:<br>هەفتەی چواردەهەم: نیشانکارەکان<br>هەفتەی پازدەهەم: جۆرەکانی نیشانکار . |
| ناوی مامۆستا | ئاوات ئەحمەد محەمەدسالح |
| ژمارەی کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | (٣) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا |
| ژمارەی کاتژمێر/ پراکتیکی لە هەفتەیەکدا | نییە |
| شێوازی پرسیاری تاقیکردنەوەکان | پێناسەی پراگماتیک چییە و بۆ گۆڕاوە<br>+ئامانجی پراگماتیک چییە ؟<br>+جیاوازی نێوان واتای سیمانتیکی و پراگماتیکی چییە ؟<br>+ئەم گوتنە لە روانگەی کردەی قسەیی چ مەبەستێک دەگەیەنێت .<br>(نەمگۆت من خەتی سوورم )<br>+ بەزاندنەکانی بنەمای هاریکاری لەم گوتنەی خوارەوە دیاری بکە :<br>- بەیانیت باش<br>- بەیانیت باش<br>- دەتوانی تۆزەک پارەم پێبدەی<br>- ئەها، پارەی سپی بۆ رۆژی رەش |
| تێبینی زیاتر | نییە |

| | |
|---|---|
| ناو:<br>پلەی زانستی: | پێداچوونەوەی هاوەڵ |